بەشی 4

# ستروکتوری حزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان

باس کردن لە ستروکتوری حزبی سوسیال دێموکراتەکانی ئاڵمان ئەو گرینگییەی هەیە کە بزانین لە ماوەی 140 ساڵی رابوردوودا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بی پێی سەردەم تازە کراوەتەوە. حزبی سوسیال دێموکراتەکانی ئاڵمان لە دوو سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەم و دووهەمدا ژیانێ سیاسی زۆر ئاڵۆز و ئەستەمی هەبووە. لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووهەم و لە ژێر دەستەڵاتی نازییەکانی ئاڵماندا تار و مار کراون و ئەندامانیان لە گەڵ کۆمۆنیستەکان و باقی مرۆڤەکانی دژ بە نازیسم کوژراون و رەوانەی زیندان و ئوردوگاکانی زۆرەملی کراون و کۆمەڵێکیشیان ئاوارەی وڵاتانی دی بوون. هەم لەو دەورەیەدا و هەم لە هەموو سەردەمەکانی دیکەی 140 ساڵی رابووردوودا تەشکیلاتی سوسیال دێموکراتەکانی ئاڵمان نەگوێزراوەتەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئاڵمان و لە سەردەمی شەڕی ساردیشدا ئەو حزبە لە نێوان دوو بلوکی شەرق و غەربدا سوسیال دێموکرات ماوەتەوە و تەشکیلاتەکەی سەربەخۆیانە بۆ ئامانجی خۆی تێکۆشانی کردوە.

رابەرانێکی وەک ویلی بڕانت کە سەدەرئەعزمی ئاڵمان بووە بۆ راگرتنی بایخەکانی سیاسی و ئەخلاقی و ئینسانی نە تەنیا حزبەکەی فیدای بەرژەوەندی خۆی نەکرد، بەڵکو پۆست و مەقامەکەشی فیدا کرد. کاتێک پێی زانی کە یەکێک لە کارمەندانی دەفتەرەکەی بە جاسوسی ئاڵمانی شەرقی دەرچووە لە پۆست و مەقامەکەی دەستی هەڵگرت. نەک ئەو کەسە بە تەنیا بەڵکو سیستمی ئەو حزبە تا ئێستا زیاتر لە 5 سەرۆک حزبی خۆی لە سەر کار لابردووە یان وادار بە دەست لە کار کێشانەوە کردوە. جیا لە سیستمی ناو حزب ، کە پێش بە گەندەڵی و سەرەڕۆیی کەس و کەسان و دەستە وتاقمی ناو حزبەکە دەگرێ، قانوون و سیستمی داد و قەزایی ئاڵمان و پارلەمانی ئەو وڵاتەش لە هەموو لایەنێکی سیاسی و ماڵییەوە چاوەدێری حزبەکانی ئاڵمان دەکەن و تا ئێستا زۆر لە بەرپرسانی حزبەکانی ئاڵمان لەوانە سەرۆک ئەعزمی پێشووی ئاڵمان و سەرۆکی حزبی دێموکرات مەسیحییەکانی ئاڵمان هیلمۆت کۆڵ لە بەر شواردنەوەی پوڵ و کاری ناقانوونی لە لایەن پارلەمان و ئیدارای ماڵیاتەوە راپێچی بەر دادگا کراوە. ساڵ نییە زۆرێک لە ئەندامانی هەرکام لەو حزبانە بە تاوانی هاوچەشن رەوانەی زیندانەکان نەکرێن و لە کار و بەرپرسایەتی دوور نەخرێنەوە و تووشی جەریمەی ماڵی قورس نەبن.

لایەنێکی دیکەی هێنانی ساختاری تەشکیلاتی سوسیال دێموکراتەکانی ئاڵمان لێرەدا لە بەر نزیکی یان خۆ بە نزیک زانینی حزبەکانی کوردی هەرچوارپارچەی کوردستان لەو حزبە و لە ئینترناسیۆناڵی سوسیالیستە کە حزبەکانی کوردیش تێدا بەشدارن. هەرچەند من و بەرپرسێکی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر داوای ئەو حزبە بەشێک لە بەرنامە و ئەساسنامەی حزبی سوسیال دێموکراتەکانی ئاڵمانمان 12 ساڵ بەر لە ئێستا کرد بە کوردی، بۆ ئەوەی ئەو حزبە کەڵکی لێوەربگرێ، بەڵام هیچکات نەبینرا کە ئەو حزبە لە رێگای مێدیاکانیەوە، ئەندامانی لە گەڵ بەرنامە و ئەساسنامەی ئەو حزبی ئاشنا بکات.

ئەوەی لێرەدا لە تازەترین ئەساسنامەی حزبی سوسیال دێموکراتەکانی ئاڵمان دەکرێتە کوردی و بڵاو دەکرێتەوە تەنیا و تەنیا بۆ وەرگرتنی زانیارییە و نە شتێکی دیکە. نووسەری ئەو بابەتە بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان پێشنیاری لاسایی کردنەوە لە هیچ بوارێکی ژیاندا بە هیچکس و هیچ لایەنێک و دەزگایەک ناکا و هەر وڵاتێک و هەر میللەتێک و هەر کۆمەڵە کەسێک دەبێ لە سەر تێروانینی زانستی و مەنتقی و ئینسانی و تەجروبەی وڵاتەکە و فەرهەنگ و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی دەزگای خۆی بۆ خۆشبەختی خەڵک پێک بێنێ و پشت بە راستی و بایخەکانی ئینسانی ببستێ و خولیای وەدواکەوتووانەی لە سەردا نەبێ و جاڕی فەرهەنگ و بیروهزری وەدواکەوتوانەی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئیدئۆلۆژێکی نەهێنێتە ناو دەزگا و تەشکیلاتی سیاسی و ناسیاسی.

حزب و هەر دەزگایەکی دیکە هەتا دەگاتە دەوڵەت و حکومەت هەموویان کەرسە و وەسیلەن بۆ خزمەت بە مرۆڤ و ئینسان. هەر دەزگا و تەشکیلات و تاقم و دەستە و تاکە کەسێک، لە ژێر هەر ناو و هەر دەزگا و هەر موقەدەساتێکدا حەولی چەوسانەوەی مادی و مەعنەوی هەر تاکە ئینسانێک بدات، ئەو دەزگا و تەشکیلات و تاقم و دەستە و تاکەکەسانە کەڵکی نابەجێ و نائینسانینان لە دەزگا و تەشکیلات وەرگرتووە و لە ژێر هەر ناوێکدا ئاکار و رەفتاری وا ئەنجام درابێ یان ئەنجام بدرێ، دژ بە قازانج و بەرژەوەندی و مافی ئینسان و بایخەکانی ئینسانی حیساب دەکرێ و دەبێ ئەو کەسانە و تەشکیلاتی لەو چەشنە هەڵوەشێندرێتەوە و بەرپرسانی بدرێنە داداگا و شوێنی بە دوداچوونی ماف.

لە ژێر رۆشنایی ئەم بیر وهزرەدا، تەجروبەی سێ حزبی سوسیال دێموکرات و سەوزەکان و حزبی ناوەند لێرەدا باس دەکرێ و نووسەری ئەو بابەتە هیچ پێوەندێکی فکری و سیاسی و تەشکیلاتی بەو دەزگا و خەتە سیاسیانەوە نییە کە لێرەدا باسیان دەکرێ. لە دید و بۆچوونی منەوە نە تەنیا سوسیال دێموکرات و چەپەکان و تەنانەت سەوزەکانیش چ بەشی ئاڵمانی چ لە وڵاتەکانی دیکە لە سەر بنج و بنەوانی خۆیان نەماون و پایبەند بە ئامانجە ئینسانیەکانی خۆیان نین. بەشداری لە دەستەڵات و تێکەڵبوون بە سیاسەتی جیهانی کە لە سەر قازانج و بەرژەوندی کونسێرنەکانی ئیقتیسادی ساخ دەبێتەوە، ئیدەی چەپ و ئینسانی لە رەنگی سوسیال دێموکرات و سەوزەکانی بێ رەنگ کردوە و سیستمی جیهانی ئیقتسادی و بازاری جیهانی پوڵ کە دەستەڵاتی سیاسی جیهانیان لە دەست دایە و 53 بنەماڵەن، چەپی دوچاری ڕاستڕەویی کردوە و سەوز و سوسیال دێموکراتی سەردەمی ئێمە بە شێوەیەکی بونیادی لە ئیدەکانی

سوسیالی(کۆمەڵایەتی) خۆیان پاشگەزبوونەوتەوە، هەر بۆیە قەیرانی سیاسی حزبەکان رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێت و ناکۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە وانە تەشکیلاتی پەرە دەستێنێ و خەڵکیش بە گشتی لە حزبەکان دوور دەکەونەوە و رادەی بەشداری خەڵک لە سیاسەت رو لە کزی دەدات. کۆمەڵگای ئوروپا بە حزب و سەندیکا و ئیتتحادییەکانیەوە پێویستی بە ئالترناتیو جێ نشین هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ لاسەنگی لە نێوان بەربەریەتی سەرمایە و خاوەن سەرمایە و دەزگا و حکومەت و کۆمەڵگای ئینسانی و خودی ئینساندا رابگرێ بۆ ئەوەی سیستمەکە درێژە بە ژیان بداو لە بەر یەک نەترازێ.

ئەگەر دەزگاکانی حزبی ئوروپا و سیستمی سیاسی و تەشکیلاتی ئوروپا و رۆژئاوا بەم چەشنە لە ژێر گوشاری کۆمەڵایەتی و هێرشی دەستەڵاتدا بن، ئەوە حزبی نەتەوەیەکی وەک کورد کە لە سیستمی ئەمرۆی جیهاندا هیچ حیسابێکی بۆ ناکرێ، دەبێ چ چەشنە حزبێک بن بۆ ئەوەی لە دوو جەمسەری نەتەوەیی و جیهانیدا بتوانن سەرکەوتوو بن.

ئەو باسەی سەرەوە لە مەڕ سیستمی جیهانی ئەو سەردەمە و سیستمی سیاسی و حزبی لە وڵاتەکانی رۆژئاوا باسێکی جیددییە کە لە بەر رۆشنایی هەرچی زۆرتری باسەکەدا، ئێمەی کورد باشتر لە گەڵ سیستمی دەستەڵاتی سیاسی جیهان ئاشنا دەبین، بەڵام بە داخەوە درێژەدان بەو باسە لێرەدا ناگونجێ.

**ستروکتوری حزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان**

**رەییس و رابەری حزب**

بەرپرسی یەکەمی سیاسی حزبی سوسیال دێموکرات وەک رەییس و رابەری حزب دەناسرێ. قسەی و سیاسەتی سەرەکی حزب لە زمانی ئەو کەسەوە دەردچێ. چەند ئورگانی کاری و کۆمەڵێک کۆمسیۆن و دەزگای پسپۆری حزبی و ناحزبی لە بواری جیاوازدا سەرۆکی حزب یارمەتی دەدەن بۆ جێ بە جێ کردنی ئەرکی رابەری کردنی حزب.

**سکرێتێری گشتی**

سکرێتێری گشتی بەڕێوەبەری ئیداری و مامەڵاتی حزبییە، کە دەزگاکانی دەستەی سەرکردایەتی و کۆمیتەی ناوەندی و هە یئەتی بەڕێوەبەرایەتی لە لایەک و حزب بە گشتی و حزب لە گەڵ دەوڵەت و پارلەمان و بیروڕای گشتی و مێدیای ئاڵمان و ئوروپا و جیهان بە چەشنێک گرێ دەدا و کارەکان بەڕێوە دەبات. گرینگی ئەو پۆستە لەوەدایە کە بزانین سوود و زیانی حزبەکە گرێدراوی کار و چالاکیەکانیەتی، هەر بۆیە هەموو ئورگانەکانی رابەرایەتی دەبێ بەشداری کارەکانی رۆژانەی ئەو ئورگانە بێت و سەرجەم ئورگانەکانی رابەرایەتی لە گەڵ بەرپرسی یەکەمی حزب سیاسەتی حزب بەڕێوە دەبەن. ئەم بەرپرسایەتییە هەم سیاسییە و هەم تەشکیلاتی.

**بەرپرسی ماڵی**

بەرپرسی ماڵی و پوڵی حزب، کە بە ملیۆن و بگر میلیارد سەرمایە و پولی حزبەکەی لە بەر دەست دایە و دەبێ بە پێی بەرپرسایەتی هەم ئاگاداری ئەو سەرمایە بێت و هەم پشتیوانی ماڵی پلان و پرۆژە و سیاسەتەکان و چالاکییەکانی حزب بێت. بەرپرسی ماڵیش دام و دەزگای تایبەتی خۆی هەیە کە پسپۆرانی بواری ئابوری و پلان دانان و ماڵیات و سیاسەتگوزاری ماڵی تێدا بەشدار دەبن و سەرجەم سیاسەتی ماڵی و پوڵی حزبەکە بەڕێوە دەبن.

**دەستەی کارگێر**

بۆ جێ بە جێ کردنی بڕیارەکانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی حزب و بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی رۆژانە و کارەکانی رێکخستن و مامەڵاتی بەڕێوەبردنی حزب، بەڕێوەبەرایەتی حزب(کۆمیتەی ناوەندی) بۆ پێشبردنی کارەکانی لە ناو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کەسانێک هەڵدەبژرێ که من لێرە بە دەستەی کارگێر ناوی دەبەم. ئەندامانی دەستەی کارگێر لە پیاوان و ژنان پێک دێنن و دەبێ بەلانی کەمە 40 لە سەدیان ژن بن. ئەندامانی دەستەی کارگێر ئەو کەسانەن: رابەری حزب، جێ گری یەکەم، جەگری دووهەم، جێ گری سێهەم. سکرێتێری گشتی، بەرپرسی ماڵی. جگە لەو کەسانە لە دەستەی کارگێری سوسیال دێموکراتەکاندا 10 ئەندامی دیکەشی هەیە، کە ئەو حزبە رابەرایەتی دەکەن.

**کۆمیتەی ناوەندی**

هەر دوو ساڵ جارێک کۆنگرەی دەورەیی حزب کۆمیتەی رابەرایەتی هەڵدەبژرێ. رابەری حزب، جێگرەکانی، سکرێتێری گشتی و بەرپرسی ماڵی لە هەڵبژاردنی جیا جیا لە کۆنگرەدا هەڵدەبژێردرێن[لە راستیدا هەیئەتی ئیجرایی یان دەستەی کارگێڕ لە کۆنگرەدا هەڵدەبژێردرێن]. هەموو ئەندامانی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی حزب لە رێگای لیستەوە هەڵدەبژێردرێن. واتە هەر بەشدارێکی کۆنگرە دەتوانێ بە سەرجەمی ئەندامانی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی دەنگ بدات.[جار هەیە رەنگە چەند لیست لە کێ بەرکێ دابن بۆ هەڵبژاردن].

ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی[کۆمیتەی ناوەندی] بە پێی پڕاگرافی 23 و بەرندی 7 دەبێ 4 هەفتە بەر لە بەستنی کۆنگرە 45 ئەندامی پێشنیاری خۆیان[لیست] بۆ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی پێشنیار بکەن. کە وایەی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی یان کۆمیتەی ناوەندی حزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان 45 کەسن کە 6 کەسیان هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتی یان ئیجرایی حیزبن کە سێ کەسیان جێ گری سەرۆکی حزبن، یەک کەس بەرپرسی ماڵییە، کەسێک سکرێتێری گشتییە کە مامەڵاتی رۆژانەی حزب بەڕێوە دەبات. کە هەر کام لەو کەسانەش بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی دەزگاکان و رێکخراوەکانی ناو حزب و دەرەوەی حزب بەرپرسیاریەتی وەردەگرن.

**شورای حزب[پارلەمانی حزب]**

شورای حزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان لە 110 کەس پێک دێ. کە لە کۆنگرەکانی ئەیالەتەکانی حزب بە شێوەی هەڵبژاردنی نهێنی، هەڵدەبژێردرێن. شواری حزب رەییسی خۆی هەیە کە ئەویش هەڵدەبژێردرێ.

لە راستیدا ئەو ئورگانە مەجلیس و پارلەمانی حزبی ئەیالەتەکانی ئاڵمانە و کە ئەگەر سرنج بدەین پارلەمانێکی هاوچەشن لە سیستمی پارلەمانی ئاڵمان، کە نوێنەرەکانیان، نوێنەری خەڵکی ئەیالەتەکانی جیاوازی ئاڵمانن ، کە لە گەڵ پارلەمانی ئاڵمان دوو پارلەمانی سەرەکی وڵاتی ئاڵمان پێک دەهێنێ. پارلەمانی حزبی سوسیال دێموکراتیش لە گەڵ دەستەی 45 کەسی رابەرایەتی حزب دوو ئۆرگانی گرینگی رابەرایەتی حزبن. ئەوەش دەبێ بگوترێ هەر ئەیالەتێک لە ئەیالەتەکانی ئاڵمان هەمان سیستمی حزبیان لە چوارچێوەی ئەیالەتەکەی خۆیاندا هەیە کە، سەربەخۆ لە چوارچێوەی ئەیالەتەکەیاندا کار دەکەن و گرێدراو لە گەڵ حزب وەک حزبێکی سەراسریش هەڵدەسوورێن، کە ئەوەش هەمان دیالکتیکی فیدرالیسم لە وڵاتی ئاڵمان دەردەخات کە ساختار و سیستمی حزبەکانیش هەمان وێچوونیان هەیە.

کاری ئەم پارلەمانە راوێژکردنە لە گەڵ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی حزب[کۆمیتەی ناوەندی] و تێدەکۆشی رەنگدانەوەی بیروڕای ناو حزب بێت. بۆ ئەو مەبەستانەی خوارەوە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی حزب دەبێ گوێ لە بیروڕای پارلەمانی حزب رابگرێ: بنەماکانی سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆی ولات، مەسەلە سەرەکی و بنەڕەتیەکانی رێکخستن و ئۆرگانیزاسیۆن (تەشکیلات)، دەزگا و ئۆرگانەکانی ناوەندی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی و مەسەلەکانی، ئەو مەسەلەگرنگانەی کە حزب بەردەوام لە گەڵیان رووبەرووە، خۆئامادەکردنەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی ئاڵمان و پارلەمانی ئوروپا.

ئۆرگانەکانی ئەیالەتی حزبی سوسیال دەێموکرات لە سەر هەمان ساختاری حزبی سەراسەری دامزراون و هەمان بەرپرسایەتی بۆ حزبەکانی سوسیال دێموکرات لە ئەیالەتەکان هەیە. واتە هەر ئەیالەتێکی تەشکیلات و رابەرایەتی خۆی هەیە و هەڵبژاردنی ناو ئورگانەکان بە پێی بەرنامە و پەیرەو و پروگرامی هەر کام لەو حزبانە بەڕێوە دەچێ. بۆ وێنە

هەر ئەیالەتێک حزب وکۆمیتەی ناوەندی و سەرەک حزبی خۆی هەیە و زۆرجاریش سەرەک وەزیرانی هەرکام لەو ئەیالەتانە سەرۆکی ئەو حزبەیە کە لە هەڵبژاردنەکاندا هاتوتەوە.

کێشەکانی سیاسی و ئابوری ئەیالەتەکان رەنگدانەوەی لە حزبەکاندا هەیە و پێش دێت کە بۆچوونی سیاسی حزبەکانی ئەیالەتەکان لە گەڵ رابەرایەتی حزب یەک نەگرنەوە هەروەها بۆچوونی جیاوازی پارلەمانی حزب و دەستەی بەڕێوەبەرایەتی حزب شتێکی ئاساییە و هەموو کێشە و هاوبیرنەبوونەکان لە رێگای گفت وگۆوە چارەسەر دەکرێ.

لە حزبی سوسیال دێموکراتدا جگە لەو ئورگانانەی کە باس کران، کۆمسیۆنی کۆنترۆل هەیە کە ئەرکی کۆنترۆڵ کردنی بەڕێوەبردنی پیرو وپرۆگرم و کاری دەزگاکانی حزبی لە ئەستۆیە. هەمیشە لە رێگای ئەو کۆمسیۆنەوە ئەو ئیمکانە هەیە کە لە سەرووی ئۆرگانەکانەوە کار و باری دەزگاکان هەڵسەنگێندرێن.

**کۆنگرە**

کۆنگرەی سەراسەری حزب باڵاترین ئۆرگانی حزبە. کۆنگرە کۆمیتەی بەڕیوەبەرایەتی حزب کە 45 ئەندامی هەیە هەڵدەبژێرێ. لە دواکونگرەی حزب لە ساڵی 2007، 480 نوێنەر بەشدار بوون. هەر دوو ساڵ جارێک کۆنگرەی ئاسایی پێک دێت یەکێک لە ئەرکەکانی کۆنگرە هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەرێوەبەرایەتی حزبە. سەرۆکی حزب و جێگرەکانی و بەرپرسی ماڵی و سێکرێتەری گشتی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان لە هەڵبژادنی جیا جیادا هەڵدەبژێردرێن و باقی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی هاوکات لە لیستێکدا هەڵدەبژێردرێن. 40 لە سەدی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی و ئۆرگانەکانی حزبی سۆسیال دێموکراتەکان دەبێ لە ژنان بن. جگە لە ئەندامانی هەڵبژاردراو ئەو کەسانەی خوارەوەش بەشدرای لە کۆنگردا دەکەن، بەڵام مافی دەنگدانیان نییە و تەنیا مافی باسکردنی بیروڕای خۆیانیان هەیە واتە وەک راوێژکار بەشداری دەکەن، ئەندامانی کۆمسیۆنی کۆنترۆل، هەر ئەندامێکی حزب کە هەڵنەبژێردرابێ، یەک لە دەی ئەندامانی فراکسیۆنی حزب لە مەجلیسی ئاڵمان، یەک لە دەی ئەندامانی پارلەمانی ئوروپای حزب، راوێژکارانی و ئەو پسپۆڕانەی کە کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حزب پێشنیاریان دەکات، نوێنەرانی دەزگاکانی حزبی.

**کۆمسیۆنی بڕیاردەر**

کۆمسیۆنی بڕیاردەر لە تەشکیلاتەکانی ناوچەکان، ئەیالەتەکان و کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی پێک دەهێندرێن. بە پێی پێویست دەکرێ کۆمسیۆنی زیاتر پێک بهێندرێ کە بۆ ماوەیەکی دیاری کراوە ئەرکی تایبەتیان پێدەسپێردرێ.

کۆمۆسیۆنی بڕیاردەر لەم بوارانەدا مافی بڕیاردانیان هەیە:

بەڕێوەبردنی نەزمی ناو حزب، کێشە و دەمەقڕەکانی ناو حزب سەبارەت بە تەشکیلات، پەیڕەوی ناوخۆ و ئەساسنامە، بنەماکانی حزبی، پرنسیپەکانی کاری حزبی و کاروباری هەڵبژاردنەکان و بە رێک و پێک و دروست بەڕێوەچوونی. بۆ هەر کۆمسیۆنێکی بڕیاردەر، بەرپرسێک و دوو جێگر و 6 ئەندامی تر دیاری دەکرێ. واتە ئەو کۆمسیۆنە لە 9 ئەندام پێک دەهێندرێ. ئەو کۆمسیۆنە دەتوانێ بە ئامادەبوونی بەرپرس و دوو ئەندام بڕیارەکانی پەسەند بکات. کۆمسیۆنی بڕیاردەر لە لایەن کۆنگرەوە بە دەنگی نهێنی ئەندامانی کۆنگرە بۆ ماوەی 2 ساڵ هەڵدەبژێردرێن. ئەندامانی ئەو کۆمسیۆنە مافی ئەوەیان نییە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری حزب بن و نابێ ئەرکی حزبیان لە

ئۆرگانەکانی حزبدا هەبێ یان داهاتی ژیانیان لە پەیوەندی لە گەڵ کار بۆ حزبدا بێ. ئەو کۆمسیۆنە بە پێی پێرەوی ناوخۆی خۆی کارەکانی بەڕێوە دەبا.

**کۆمسیۆنی کۆنترۆڵ**

بۆ کۆنترۆڵ کردنی کاروباری کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حزب و هەروەها پێی راگەیشتن بە شکایەتەکان لە کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی، کۆنگرەی حزب 9 کەس وەک ئەندامانی کۆمسیۆن هەڵدەبژێری. ئەندامانی کۆمیتەی بەرێوەبەرایەتی حزب، شۆرای حزب(پارلەمانی حزب)، ئەو ئەندامانەی کە لە حزبدا کار دەکەن مافی بەشداری و ئەندامبوونیان لەو کۆمسیۆنەدا نییە.

هەڵبژاردن بە شێوەی نهێنی دەبێ و هەرکەس زۆرترین دەنگی هێناوە دەبێتە ئەندام. ئەگەر هاتوو دوو کەس بەقەدەر یەک دەنگیان هێناوە لە نیوانیاندا قەبول و پووچ دەکرێ. کۆمسیۆنی کۆنترۆڵ خۆی کەسێک وەک بەرپرسی کۆمسیۆن هەڵدەبژێرێ. کۆبوونەوەکانی ئەو کۆمسیۆنە بەلانی کەمەوە دەبێ هەر سێ مانگ جارێک پێک بهێندرێ. هەموو بریارەکانی کۆمسیۆن بە ئاگاداری کۆمیتەی بەرێوەبەرایەتی حزب دەگەیەندرێ. هەموو ئەو نادراوانەی کە دەگەنە کۆمسیۆن، دەگەێندرێنە بەرپرسی یەکەمی حزب و یا ئەو شوێنانەی کە پەیوەندی بە بابەتەکە و کارەکەوە هەیە. لە سەر داوای کۆمۆسیۆن یان بەرپرسی یەکەمی حزب، دانیشتنی هاوبەش لە نێوان کۆمسیۆن و بەرپرسی یەکەمی حزب پێک دێت. کۆمسیۆنی کۆنترۆڵ هەروەها بە سەر کاری ئەو کەس یان کەسانەشدا دێتەوە کە راپۆرتی ماڵی حزبیان کۆنترۆڵ کردوە.

**بەڕێوەبەری کاروبارەکانی حزب ، سکرێتێری گشتی حزب**

کاروباری حزب لە لایەن سکرێتێری گشتی حزبەوە لە هاودەنگی لە گەڵ کۆمیتەی بەڕێوەبەری حزبدا، بەڕێوە دەچێ. کار وباری بەڕێوەبەری، مامەڵاتی رۆژانەی حزب لە نێوان ساڵانی 1946 هەتا 1958 لە ئەستۆی یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حزبدا بوو. لە ساڵی 1958ەوە ئەرکەکان خرانە سەر شانی هەیئەتی ئیجرایی و لە ساڵی 1986ەوە بەرپرسی ئەم بەشە لە لایەن کۆنگرەی حزبەوە راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێ و دەزگای تایبەتی خۆی هەیە و سکرێتری گشتی حزب تەواو وەخت وەک مووچەخۆر کار دەکات.

دەزگاو ئۆرگانەکانی حزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان:

- لایەنگرانی حزب
- ئەندامانی حزب
- ئیدارەکانی(ئۆرگانەکانی) حزب
- پارەی ئەندامەتی
- راپۆرتی حزبی
- کۆنگرە
- کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی. (کۆمیتەی ناوەندی)
- شوارای حزبی (پارلەمانی حزب)
- کۆمسیۆنی کۆنترۆڵ

- ڕاگەیاندن و مێدیا
- لێکۆڵینیەوە و لێپرسینەوە
- کۆمسیۆنی بڕیار(قەزاوەت)
- نەزم و نیزامی حزبی
- تووانەوە و لەبەریەک بڵاوبوون
- بڕیاری ئەندامان و هەڵبژاردنی سەرەتایی
- گۆڕینی ستروکتور
- چۆنیەتی بڕیاردان
- بڕیاردانی کاتی

**چۆنیەتی ئیدارەکردنی هەڵبژاردنەکان**

لە میانەی هەڵبژاردنەکانی حزبیدا ئەم ئەرک و بابەتانە هەیە:

- بواری ڕەسمیەت پێ بەخشین
- ڕاگەیاندنی هەڵبژاردن
- بنەما گشتییەکان
- هەڵبژاردنەکانی ناوچەیی، ئەیالەتی و پارلەمانی سەراسەری ئاڵمان
- لیستی پێشنیاری و پێشنیارکراو
- بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی جیا جیا
- هەڵبژاردنی تاکە کەسەی بۆ پۆستەکانی و ئیدارەکانی حزب
- هەڵبژاردنی ئورگانەکان بە پێی لیست
- بانگەاواز و داولێکردن بۆ مەسەلەیەکی زۆر گرنگ
- مافی دەست پێکردن و کردنەوەی هەڵبژاردن و کارتێنەکردنی لە سەر هەڵبژاردن
- کرانەوەی هەڵبژاردن
- دان پێدانان بە ڕێک و پێک بوون و قانونی بوونی هەڵبژاردن
- دان پێدانان بە ژمارەی ئامادەبووان بۆ بڕیاردانی قانونی

درێژەی هەیە....